سەرمایەی وەهمی و ساختەکاری..
ئەکرەم سەعید

"ئادەم سمیس ەای وابوو کە سەرمایەی وەهمی ئابووری بە باشکانی دایدالسەوە کە لە دراوی کاغەز دروستکراوە هەڵدەواسە" 1/
حیزبی دیموکراتی ئەمریکا بەشێنی خۆشگوزەرانی ئابووری و ئاشتییەکی بەردەوامیان ددەدا بە چینی کرێکاران، بەڵام ئەم حیزبە نیولیبرالە(کە پارتی پارێزگاران پێیان دەڵێن چەپ)ئازادی و خۆشگوزەرانی بە بازاڕی ئازادەوە دەبەستەوە. زۆری نەخایاند دەرکەوت پشتگیری ئەمریکا بە ئەکراینا دژی ڕوسیا و ئیسرائیل دژی حەماس، جیهانەکی ئارامتر و سەقامگیرتری لێنەکەوتەوە، وە بایدن کە بازاڕی ئازادی بەرەوپێش دەبرد، لەبری ئەوەی "ئاشتی لە هێگەی خۆشگوزەرانییەوە" بدەستبهێنێ بە جیهان، تەنیا ناڕازایەتییەکەمایەتییەکانی وروژاند و جیهان ناسەقامگیرتر بوو.
ئەما پارتی پارێزگاران بە سەرکایەتی ترامپ نەک تەنها ئەمریکا، بەکە سەرتاپای جیهانی بە بایرکانی دووچاری"شەک و تەقان"کردووە. ترامپ هێندە کێشە و جەنگ چارسەر دەکات، بەڵام درگای لەبەردەم گەلە کێشە و جەنگ کردەتەوە. سیاسەتی ترامپ لە لژیکەکی ەاستەوانەوە(ماف بە بەهێز) و "ئاشتی لە هێگەی هەزەوە"، وەک بازرگانەک گرێبەست دەکات. ئیدی لەرەوە چاوەڕێن کە چوار ساڵ لەتەمەنی سەرکایەتی ترامپ دونیا لە لایەک بەرەو ەاست وەرچەرخێ، وە لەلاکەی دی بەرەنگاری دژی سیاسەتی ەاستەوی زیاد بکات.
بەرنامەی "چاودێری نایەکسانی" لە ئەمریکادا، سەرنجی ئەوەی دابوو کە سەد ساڵ لەمەوپێش سەرمایەدارێ پیشەسازییەکانی/ نەهەنگەکانی بازاڕ و سەرمایەی وەک(جۆن پێرپەنت مەرگان و جۆن دی ڕکفێلەر) وەاتیان بەناوە دەبرد، بەڵام ئەمەکە نوخبەی تەکنەلۆژی(ئیلون ماسک خاوەنی تیسلا، ماەک زەکەربێرگ خاوەندارێتی کەمپانیای ئەمریکی مێتا/فەیسبووک، جێف بیزۆس کەمپانیای ئەمازۆن و سوندار پیچای بەناوبانگی جێبەجێکاری کەمپانیای گووگڵ)لە ساتی ئاهەنگی دەستبەکاربوونی ترەمپ، لە کورسیەکانی ەیزی پێشەوە دانیشتبوون. لە ناوەڕاستی هەمەتی هەڵبژاردن، دۆناڵد ترەمپ و بزووتنەوەی ماگا چەندین جار خۆیان وەک نوێنەری ەاستەقینەی چینی کرێکاری ئەمریکی نیشانداوە، بەڵام دیمەنی ئاژی دەستبەکاربوونی ترەمپ لە کاپیتۆڵ، ئیدارەی ترەمپ پڕ لە ملیاردێر و ئەلیگارشی کەمپانیاکان کە

سامانە سەرسوهێنەرەکانیان ساڵ لە دوای ساڵ زیاد دەکات.
ئایا ئەم دیمەنە شتێک لە تایبەتمەندی سەرمایەداری سەردەمی ئەمەمان پێ دەڵێت؟!.
خاڵکی سەردەمی سەرمایەداری ئەمە لە بە کاتی و بە حەوسەڵەیی، ژیانی ڕۆژانەیان لەچاو نەوەی پێشوو، سیفەتی خرایی وەرگرتووە(خواردنی خراپ، سناپ چات و سناپ کاش). زەربەی خاڵکی کات و ئارەزووی نییە و دارایی نزمە بۆیە خواردنی تەندروستی کە کاتی دەوێ بۆی گونجاو نییە، لەبری پێنا بە خواردنی ماکدۆناڵز و نەدلز دەبات، هەروەها خوێندنەوەی کتێب، جگە لە ئەکادمییەکان، دەنا زەربەی خاڵکی کاتی نییە و بۆیان مایەی سەرئێشەیە، بۆیە سەردەمی خوێندنەوەی کورتە پێست و قسەی بە ناوەڕۆکە، ئەمە ئەنجامەکەی دەمان گەیەنێ بە(کەمەڵگەی هەش و ئارەزووی نزم). گەر ئەمە سیفاتی کەمەڵایەتی ئەستا بێ، ئەوا لە بازاڕدا باوی قازانج و پوڵی خرایە – سناپ کاش. ئیدی سەرمایەی وەهمی لەم سەردەمەدا لە هەموو کات زیاتر تەکنەکانی پانوپۆڕتر بووەو جۆرەکانی فرەچەشن بووە.
مارکس وەک زانایەکی ئابووری لەم سەردەمەی ئەمەدا، لە باسی سەرمایەدا:(قەیرانی ئابووری، گێشەی ئامڕۆ بە ئەتەماتیکی بوونی پرسەی بەرهەمهێنان، سەرمایەی وەهمی) ئامادەیە لەتەکماندا، چونکە ئەو بناغەی شرۆڤەی ئەو باسانەی داشتوە. بۆیە بۆتایبەتی کاتێ باسی(سەرمایەی وەهمی)بکەین، ناکرێ نەگەیەنەوە بە مارکس، دەنا باسکردنەکەمان کەموکوڕت دەبێ. بۆیە بە لەکەیەنەوە لە سەرهەڵدانی"سەرمایەی وەهمی"و گێشە و پانوپۆڕبوونی تەکنەکانی لە پانتایی جیهاندا، سەرتا دەبێ بگەیەنەوە بە بەخنەی مارکس لە ئابووری سیاسی کلاسیکی بەرژوازی.
مشتومڕ سەبارەت بە هەکاری داڕمانی بازاڕی بەرسێ و دراوی کریپتۆ لەم دوو ڕۆژەدا، پرسیاری چەندایەتی ڕۆڵی فاکتەری بەیارەکان حکومەتەکانی بەرژوازەکان و گەمەکانی بانکەکانی ناوەندی بە بازاڕی دارایی وەک سەرچاوەیەکی سەبژەکتیڤ لە قەیرانی سەرمایەداریی ئێستادا، کردەتە پرسیارێک سەبارەت بە مانای تیۆری قەیرانی سەرمایەداری مارکس، ئەم کورتە وتارە بەشدارییەکە لەو مشتومڕەدا.
بە نووسەرانی لیبڕاڵ لە قوتابخانەی ئابووری سیاسی کلاسیک، سەرمایەی وەهمی بە واتای دروستکردنی سەرمایەیە بە شێوەی"دراو" لە ڕێگەی سیستەمی قەرزەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی بەنرخی هاوتای هەبێ لەسەر زەوی. سەرمایەی وەهمی زاراوەیەکی سووکایەتیپێکردنە، لەگەڵ گومان لە فڕێی بردەوام بە بەکارهێنانی قەرزی نوێ بە توانای ئەوپەڕی هەبێت قەرزەکەنکان بدەنەوە.
بەو مانایەی سەرەوە سەرمایەی وەهمی چمکەکە، ئابووریناسەکانی

بەرژوازی بە چەندەها ساڵ پێش مارکس باسیان کردووە، بەڵام مارکس لە کتێبی کاپیتاڵدا- بەم جۆرە باسی پرسەکە دەکات:
(شیکارییەکی وردی سیستەمی قەرز و ئامرازانەی کە پارەی قەرز بە خەی دروستی دەکات، لە دۆخەی بازنەی پلانی تۆژینەوەکەدایە، ئەمە لێرەدا بە جێختکردنەوە لەسەر چەند خاڵێک خەمان ئازی دەکەین، بە ئاوەی بە گشتی تایبەتمەندی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بزانین، خەمان لە ماماڵەکردن لەگەڵ بابەتی بازرگانی و بانکیدا سنووردار دەکەین. سەبارەت بە پێوەندی نێوان گۆشەپێدانی ئەم دووانە و پارەپێدانی قەرزی گشتی، دەکەوێتە ژێر ڕەچاوکردنی ئەمە.
پێشتر لە سەرمایە، کتێبی یەکەم، بەشی سێیەم (ب)دا نیشانم داوە کە چۆن پارە وەک ئامرازێکی پارەدان لە سووڕانەوەی سادەی کاڵاکانەوە سەرهەڵدەدات و لەگەڵیدا پێوەندی قەرزدەر و قەرزکەر لە نێوان بەرهەمهێنەرانی کاڵا و بازرگانی کاڵادا سەرهەڵدەدات. هاوتەریب لەگەڵ گۆشەسەندنی بازرگانی و پەرەسەندنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، کە لەژێر ئەو شێوازەدا بەرهەمهێنان تەنها لە پێناو سووڕانەوەدا ڕووەدات، ئەم بنەما سروشتییەی قەرزکردن فراوان دەبێت و گشتگیتر دەبێت ،،،،.)- بڕوانە(بڕگی سێیەم: پرسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە بە گشتی/ وەرگێڕان: د. فالح عەبدولجەبار/ بەشی بیست و پێنج / قەرز و سەرمایەی وەهمی/ لاپەڕەی ٤٦٤).
بەم مانایە لای مارکس سەرمایەی وەهمی کەمڵەک سەرمایەی پارەی قەرزکراوە(LMC)، لەبەردەستدایە کە پێوەندی نێوان قەرزدەر و قەرزوەرگر، تێیدا ڕووەدات. لە گروپی سەرمایەی قەرزدا، سەرچاوە و بەکارهێنانی پووڵ قەرزکراوەکان هیچ پێوەندییەکیان نییە، چونکە نیگەرانییەکە لە دڵنیابوونە لە گێڕاندنەوەی پارەکە و لەگەڵ بەدەستهێنانی "سوود"ە کە بتوانای مسۆگەری بکات. بەڵام هەر لەبەر ئەم هۆکارە، مارکس دەستەواژەی سەرمایەی پارەی قەرزکراو(LMC)ی بەکارهێناوە بە وەسفکردنی کارکردنی بازاڕکانی پارە بە گشتی، کە ئەرکە بنەڕەتییەکانی جیاوازکانی دراو وەک پووڵ کە ئامرازێکی ئاڵوگۆڕە، وەک دراو وەک سەرمایە، لە یەک بازاڕدا کۆدبنەوە، کە ڕەگەزی سوود دیاری دەکات(لانی کەم بە شێوەیەکی ئەبستراکت).
هاوکێشەی(پوڵ-کاڵا-پوڵ) ئەمە بازنەی سەرمایەداریە لە پلەی بەدەستهێنانی قازانجی سەرمایەی کەرتی پیشەسازی و بازرگانی، بەڵام سەرمایەی وەهمی هاوکێشەی(پوڵ- پوڵ)ە، واتە ئاڵوگۆڕی پوڵ، کە دەتوانێ سوود و قازانجی چنگ کەوێ بەدوور لە پرسەی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کاڵاکان(یانی لە دڕاوەی پرسەی بەرهەمهێنانی ئاستەقینەوە).
(پوڵ-کاڵا): سەرمایەدار بە پووڵەکەی مەوادی خام و هێزیکاری

کرێکاران دەکەن، لەم بۆشاییە لە نێو پێسیی بەرهەم هێنانـدا زێدەبایی بەرهەم دێ، دواتر سەرمایەداران کاڵای بەرهەمهاتوو دەگۆڕنەوە بە پوول(کاڵا-پوول) کە هێگری(زێدەبایی)، کە وەک قازانج دەردەکەوێت لە ئاڵوگۆڕی بازاڕدا. ئەم بازنەیە لە سەرمایەی وەهمی بە پرسیی کار بە بەرهەهێنانی ئاستەقینەی کاڵا(واتە بە پرسیی بەرهەمهێنانی کاڵایەکە هێگری زێدەبایی)، بەکەتنها ئاوگۆڕیی جۆرەکانی(دراو، دراوی کریپتۆ، پشکی کۆمپانیاکان، قەرز،، هتد) کە هێگری سوودێ، ئەو سوودەی کە لە دواجاردا بۆشکۆ لە کەی زێدەبایی بەرهەم هێناوە.

مارکس بەم جۆرە لەم چەند دێڕەدا وەسفی سەرمایەی وەهمی دەکات:

”بەم شێوەیە هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ پرسیی ئاستەقینەی کەڵەکەی سەرمایە تا دوا شوێنەوار لەدەست دەچێت، و بەو هۆیەوە چەمکی سەرمایە وەک شتێک کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆی فراوانتر دەکات بەهێزتر دەبێت . . . تەنگەکەبووونی سامانی ئەم چینە[سەرمایەدارە پارەدارەکان] بۆئاراستەیەکی زۆر جیاواز لە کەڵەکەبووونی ئاستەقینەدا بەرەوپێش بچێت . . . جگە لەوێش لەڕدا هەموو شتێک پێچەوانە دەردەکەوێت، بەو پێیەی هیچ نرخێکی ئاستەقینە و بنەمای ئاستەقینەی ئەوان لەم جیهانە کاغەزییەدا دەرناکەون، بەڵکو تەنها دراو، دراوی کانزا، کەمپیالات،، هتد. بە تایبەتی لەو ناوەندانەی کە هەموو بازرگانی پارەی وەاتەکە تێیدا چڕبۆتەوە، وەک لەندەن، ئەم تێنگدانەوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێت؛ تەواوی پرسەکە دەبێتە شتێکی نامەفهوم.”. (سەرمایە/ مارکس- وەرگێڕانی لە ئابووری سیاسی- بەرگی سێیەم: پرسیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری – لاپەڕە ٥٤٩، ٥٦١، ٥٧٦/ بەزمانی ئینگلیسی).

مارکس هەوڵی داوە خۆی لە دیاردەکانی ساختەکاری و کاری نایاسایی و نائەخلاقی سەرمایەداران(خاوەندارێتی دزیە) بەدوور بگرێ، و زیاتر شیکاری بە پەیوەندی کار و سەرمایە و یاساکانی ڕەوتی گۆشەو قەیرانەکانی سەرمایە کردووە. لەتەک ئەوەشدا مارکس بەکورتی باسی لە سەرمایەی خەیاڵی کردووە، کە بنەمای شرۆڤەی سۆسیالیستەکانە بە دیاردەی سەرمایەی مالی و بەرسە و قەرز و سەندات و ئاسهم، کە لەم سەردەمدا(سەرمایەی کازینۆ) بەشکی بەرچاوی سەرمایەیە. (شیکاری سەرمایەی وەهمی مارکس، تاڕادەکانی سەرمایەی ئاستەقینە و دراویی، بە تیۆری قەیران بەیەکەوە دەبەستێتەوە.) – سەرمایەی خەیاڵی و تیۆری قەیران – مایکل پەرەڵمان/ ٢٠٠٨.

دەبێ ئەوە بڵێین کە لە چەند دەیەی ئابردوودا کەرتی بانکی و دارایی(سەرمایەی وەهمی) پەرەسەندنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە، لەوە زیاتر کە مارکس یان هەر نووسەرێکی تری سەدەی نۆزدەهەم

خەیاڵی کردبوو. کەواتە گەر بمانەوێ سوود لە تیۆری مارکس بۆ قەیرانی سەرمایەداری وەرگرین، دەبێ لە باسەکانی مارکس دەربارەی سەرمایەی خەیاڵی/ وەهمی تێبگەین؛ چونکە بەبێ شیکاری دروست بۆ ئەو جۆرە سەرمایەی وەهمی لە دونیای ئەمڕۆدا، مەحاڵە لە قەیران و ئاقاری سیستەمی سەرمایەداری سەردەم تێبگەین، بۆتایبەتی ئەمرۆکە سەرمایەی وەهمی زۆر قەبە بووە، بە نموونە:

- (تەنها سێ کۆمپانیای ئەمریکی "Nvidia, Apple و Microsoft / نیفیدیا، أبل و مایکروسوفت" بەهای بازاڕیان لە هەموو بازاڕی بۆرسەی چین زیاترە.) سەرچاوە: ئەمریکا و پووکانی سەراب – سەرمایەداری گازینۆ لە سەسیالیزمی پیشەسازی دەباتەوە! الصين بالعربية 8 juni 2024 – X.
- براون و هاوکارانی(2017)، لە ڕووپێویکردنی ئەوروپا، لەکەینەوە لە گۆشەی زەمانەتنامە دارایییەکان بۆ بەرهەمی ناوخۆیی گشتی دەکەن، و دەبینن کە پشکەکانی FIRE (نوێندگیری دارایی، بیمە و خانووبەرە) هەڵکشاوە، و بۆشداریکردنی دارایی لە بەرهەمی ناوخۆیی لەچاو کەرتی بەرهەمهێنان، زیادبووە.
- دەیڤس و والش لە(2016)دا باسی حکومەتی بەریتانیا لە دابەزینی پیشەسازی و بەرزبوونەوەی دارایی ئاشکرا دەکەن، لە کاتێکدا وانگ لە (2015)دا دەڵێت: دەوڵەتی چین بۆتە "دەوڵەتی خاوەن پشکەکان".

سەرمایەی وەهمی و ساختەکاری

لە کۆتایدا سەرمایەداری بە فەندانی دەمامکەکانی، ئەم سیستەم و دەسەڵاتە نەفرەتییە ڕوی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست. دەمامکەکانی سەرمایەداری مژدەی خۆشگوزەرانی و سەردەمی زێڕینی بە چینی کرێکاران و هەژاران دەدا، و مەسیقا و سروودی خۆشوستی و ئاشتی لە لوکانییەوە دەچڕی، بەڵێنی سەقامگیری و پشکەوتوخوازی نوێ دەکردەوە، بەڵام لە کەمپگەدا ساڵ بە دوای ساڵ هەژاری و ساختەکاری و کێنەپەرستی و جەنگ و تیرۆر زیادی کردووە.
دانتە لە کتێبی "کۆمیدیای ئیلاهی"دا وەسفی "گۆریەن"ی ساختەکار بەم شێوەیە دەکات:
ئەو دەموچاوی پیشانی دەدا، دەموچاوی پیاوێکی دادپەروەر بوو،
ڕواڵەتی دەرەوەی سیماکانی زۆر بەخشندە بوون؛
و باقی قەدو باڵای جەستەی مارێک بوو

هەموو کلکی لە بەشایی‌کەدا دەلەرزان
لە کاتکدا نوکە ژەهراوی‌کەی بەرەو سەرەوە دەپچایەوە،
هەر وەکو کلکی دووپشکک
ئەم وێنەیە سروشتی ساختەکاری بە باشی دەردەخات. قوربانییەکان دەبنە نەچیری وێنە و ڕووخساری چاکی ساختاکارەکان، دواتر بەهۆی ئامێزییەکانەوە سەریان لە دەشووە و دەکەونە چنگی شتکی چاوەڕوانکراوەوە، پێش ئەوەی نوکە ژەهراوییەکان پەیانەوە بدات.
دادگای تاوانکانی تورکیە بڕیارکی بە وێنەی لە دژی دامەزرێنەری سیستەمی دارایی ساختەی ناسراو بە "بانکی کۆگە"، مەحەمەد ئایدن ناسراو بە "توسونجوک" دەرکرد. سزای زیاد لە ٤٥ هەزار ساڵ لە زیندانی بەسەردا سەپێندرا، دوای ئەوەی بە چەندین تاوان سزا درا، لەوانە ساختەکاری لەکۆگەی سیستەمی زانیاری و پارە سپیکردنەوەی و پێکهێنانی ڕێکخراوەکی تاوانکاری. – سەرچاوە/ سایتی ڕۆژنامەی(ئەنبات/ ٦-٢-٢٠٢٥).
ئەم سەرگوزشتەی یەکەکی گرگنی(پارڤێنیر2/)ی سەردەمی ئەمەیە. مارکس لە سەرمایەدا دەنووسە:(لەبری ئیستغلالکارە کۆنەکان، کە ئیستغلالکردنیان کەم تا زۆر پیاوسالاری بوو، چونکە تاادەیەکی زۆر ئامرازەکی دەسەاتی سیاسی بوو، پارڤێنویەکی شتی پارە هەنگاو دەنەت و دەتە پێش).
ساختەکاری لە مۆژە تایبەتمەندیەکی سەرمایەداری بڕیتانیا بووە. فریدریش ئەنگەس لە کتەبی(دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا – ١٨٤٥)دا باسی لەوکردووە کە چۆن لە مانچستەردا، "ساختەکاری لە فرۆشتنی هەموو جۆرەکانی شتومەکدا ئەنجام دەدرێت: فالینە، و گەەوی و،، هتد، دوای یەکەم شەردن دەچنە ئاو".
لە وەامی پرسیاری "ئایا دراوی کریپتۆ ساختەکارییە "؟!. ئیلەن ماسک وەام دەداتەوە: بەە(دراوی کریپتۆ ساختەکارییە/ فەە 3/). کەچی هەر ئەم سەرمایەدارە ساختەکارە خەی گەمەی بە نرخی دراوی کریپتۆ دەکردو خەکی فریودەدا، بەمە ملیارەها دولاری چنگ کەوت.
تایبەتمەندکی سەرمایەداری سەردەمی ئەمە هەژمونی سەرمایەی وەهمی ساختەکارییە بەسەر جیهاندا، کە جیهانکی موازی/ هاوتەریبە بە جیهانی سەرمایەداری ڕاستەقینە.
دونی ڕۆژی هەینی دەناەد ترەمپ، سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دروستکردنی یەدەگکی ستراتیژی لە سامانی دیجیتاڵی ڕادەگەیەنەت. ترەمپ گووتی: ئەمریکا دەبەتە "پایتەختی دراوی کریپتۆی جیهان"، ئەو دراوەی کە بە ڕای ماسک ساختەکارییە. ئەو هەواە لە دونەوە هەکشان و داکشانی بە نرخی بەرسەکان و پشکەکان و دراوی کریپتۆ کردووە، زیانی ملیارەها دۆلاری لە بازاڕی دراو

داوە /٤.
بەڵام سەرمایەداری ئایان وایە کە: کاتێک چەتەی کۆگەکەتی سووتاند و دەستیان بەسەر موڵک و ماڵەکەتا گرت و کەسوکارتی ڕفاند، نابێت ئەوت بەلاوە گرنگ بێ کە چەتەکان چەن غەنیمەکان دابەشدەکەن. ئەمە وەسفێکی دروستە بۆ ئارگیومێنتەکەی مارکس کە دەڵێت: "ئەگەر سەرمایەدار خاوەنی ئەو سەرمایە بێت کە کاریان پێدەکات، ئەوا تەواوی زێدەبەهاکە دەخاتە گیرفانی خۆیەوە، ئیدی بە هیچ شێوەیەک بە کرێکار گرنگ نییە، ئایا سەرمایەدار هەمووی بە خۆی دەبات، یان دەبێت بەشێکی بدات بە کەسی دووەم و سێیەم".
بەگومان ئەم هەڕەسەی بازاڕی دراو و بەرسەکان ئاستەوخۆ زیانی بە چینی کرێکاران نییە کە خاوەنی پشک و دراوی دیجیتاڵ/ کریپتۆ نین، ئەوە چینی مامناوەندە زیانی بەردەکەوێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاتێ ئابووری ئەمەریکا دەچێتە خولی ڕکود، بژێوی بۆ چینی کرێکاران سەختتر دەبێ. گەمە ئابووریەکەی ئەم چەند ڕۆژەی حکومەتی ئەمەریکا بۆ سەرکردایەتی ترامپ، وەک خۆی دەڵێ بۆ کەمکردنەوەی قەرزی دەوڵەتی ئەمریکایە، و ناچار ئابووری بۆ خولێکی ڕاگوزاریدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام ئەم گەمەیە ناڕاستەوخۆ زیانی گەورە بۆ بژێوی چینی کرێکاران و هەژاران دەگەڕێنێ.

1/ لە ئەفسانەدا کاتێک دایدالەس و کوڕەکەی ئیکارەس دەخرێنە زیندانەوە، دایدالەس لە مەم و پەڕ بە خۆی و کوڕەکەی باڵ دروست دەکا تا پێی بفڕن و لە زیندان ڕزگاتیان بێ. دایدالەس بە ئیکارەس دەڵێ کە نابێ زۆر بەرز بفڕێ بەڵام ئیکارەس گوێ بەرزتر و بەرزتر بەرەو خۆر بفڕێ. بەهۆی گەرمای خۆر مۆمەکە دەتوێتەوە و ئیکارەس دەکەوێتە ناو دەریا.
2/ پارڤێنیر کەسێکە کە تاڤادێک تازە بووە بە چینێکی ئابووری کۆمەڵایەتی پلە بەرز. وشەکە لە زمانی فەرەنسی وەرگیراوە؛ parvenir مانای:(هاتنە پێش، گەیشتن، توانیان شتێک بکەن) دەگەێنێ.
3/ گفتوگۆ لەتەک (ئیلۆن ماسک)دەربارەی دراوە کریپتۆکانی وەک دۆجکۆین. ماسک دانبەوادا دەنێ کە دراوە کریپتۆکانی وەک دۆجکۆین ساختەکاری و فێڵ – hustle meaning : fraud / swindle / cheat-، کۆچی خێشی کۆین و فرۆشتنی بە دراوکان دەکرد، و لە سایتی X پڕپاگاندەی بۆ دەکردن.
٤/
MAR 8, 2025 – لایەن ئەندرێ ج.چۆو – کات / MAR 8, 2025 – by Andrew R.Chow – Tim

ناسنامەی سەگەکانی کۆمارەکەی (ئیبراهیم یوسفی)..(١-٢)..
غازی حەسەن

(٢-١)

پێشەکی

خوێندنەوە و شیکردنەوە دوو پرسەی گرنگن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە و تەواوکردنی دەقەکە، منی خوێنەر بۆپێی تێگەیشتنم لە خودی دەقەکە، ژینگە و هێز و مانایەکی تازە بە دەقەکە دەبەخشم. مەرج نییە وەکو نووسەرەکە بیربکەمەوە و لە پێکهاتە فکری و تەکنیکی و وشەسازی و ڕستەسازی و مانا و هێما و نیشانە زمانەوانییەکان بگەم. من لە دیوەکەوە سەیریان دەکەم، ئەمە تێنگە هەمان دیو و خواستی نووسەری دەقەکە نەبێت.

تێمز و کەد و نیشانە و هێما و مانا زمانەوانییەکان، ئاراستەیەکی زهنی و وێناکردنەکی هەمەڕەنگ بە دەق دەبەخشن، کە هەندێکجار لە مانا و مەبەستە سروشتییە قووڵتر و فراوانتر و هەمەدەنگتر دەردەکەوێت.

دەق دەستکەات و هێزێکی خەیاڵی و ئەفسوناوی هەیە، من بەدوای دەزینەوە و دەستنیشانکردن و دەزینەوەی تێگەز و پاشخان و مێژووی شتەکانم. ئەو شتانەی لەنێو دەقدا دەبنە ناسنامە و پێناسە بە خودی هەمان ئەو شتانەی (ناسنامە و پێناسەکانیان) لە زەوت دەکرێت.

کۆماری سەگ

تێمانێکی تێمانووس (ئیبراهیم ئەلیوسف)ە کوردێکی عەرەبینووسە و تێمانێکی لە دەزگای (خطوط وظلال للنشر والتوزيع) لە عومانی ئوردن لە ساڵی ٢٠٢٠، لە ٣٦٧ لاپەڕە بە بەرگێکی تێنگاو تێنگی شایستە و هەڵکارییەکی مانابەخش و هاوسەنگ لەگەڵ دەقەکە ڕازاوەتەوە، کە پەیوەندی بە نەوعێکی تێمانێکەوە هەیە. ناونیشان و بەرگ هیچیان لە نەوعێکی دەقەکە کەمتر نییە، بەپێچەوانەوە وەکو ناسنامە و پێناسە و کلیلی چوونە نێو دەق وایە، دەق چاوی خوێنەر پێ دەکات،

لە وزە بە خوێندنەوە. هزری خوێنەر تەژی دەکەن لە وێنە و مانا و پەیام و ڕەهەند و هزراندن و بزاڤ و نیشانە و هەمای شتەکان، کە هێندەکیان بە کەتاین.

تەکنیکی دەقەکە

وەکو لەسەر بڕگی دواوەی ڕەمانە نووسراوە تەکنیکی نووسینی ئەم ڕەمانە بریتییە لە "سوود وەرگرتن لەشێوازی بیرەوەریی و ژیاننامە، بەڵام لە چوارچێوەی گەمەیەکی هونەری و هاوکێشەیەکی نەخشێنراو و بەزمانێکی دوور لە بریندارکردن و ئاڕەزیی، تا زۆرترین کەس بیخوێننەوە، بە زمانی دیکە وەرگێڕدرێت، چونکە ڕەمانەکە ژمارەیەک دەزی گرگ لەخۆ دەگرێت، کە پێشتر بەم دیدگایە باسیان نەکراوە. دیدگای جیاوازی نەوان ڕەژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەمەش لە چوارچێوەی بەکارهێنانی نیشانەکانی جیهانی سێگەکان سەرچاوە دەگرێت، کەپێشتر بەم شێوەیە بەکارنەهێنراون".
لەم ڕەمانە قسەکەر و هەڵگێڕتخوانی نێو ڕەمانەکە خودی ڕەمانەووسە، لە چەند شوێنێک ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی (ئالان نەقشبەندییە)، ئەو ئاماژە بەوە دەکات پیشەکەی نووسەرە، نەوبانگی لە نووسین هەیە، هێندێک لەڕەگەی فەیس بووکەوە ئاگاداری کار و چالاکییەکانی ئەون، کوردە و خەڵکی (کوردستانی سوریایە). لەگوندەکانی کوردستان مامەستا بووە، ئێستا پەناهەندییە لە ئەڵمانیا. بەزمانی عەرەبی دەنووسێت و زمانی دایکی کوردییە، هێندێک فەرەنسی و ئینگلیزیش دەزانێت، بەڵام ئەڵمانییەکەی باش نییە و پەویستی بە وەرگێڕە. خەزاندارە و کوڕەکانی ناویان (دڵشاد و دڵدار)ە. سەر بە فکری چەپخوازییە و شیوعی بووە. لە زارکییەوە لە حەپەی سەگ ترساوە و هەنووکەش بەهەی ئەم ترسەوە ناتوانێت بەئاسایی پێشوازیی لە سەگ بکات و هەتا ئێستاش ئەمە وایکردووە، دەستی سەگ نەبێت و ئەم دەخە دەروونییە لە ئەڵمانیا تووشی کێشەی دەکات، کە سەگ تێیدا خودان مافە وپارێزراوە و دوای منداڵ سەگ بە پلەی دێت و ئافرێتیش بە پلەی سێیەم.
تەکنیکی گێڕانەوە بەهەزە و خوێنەر ڕادەکێشێت ئەمش وایکردووە خوێنەر نەتوانێت دەست لە خوێندنەوە هەڵگرێت، یان خوێندنەوەی ڕەمانەکە بە چەژە و خوێنەر بێزار ناکات.
ڕەمانووس خەی قسە دەکات، خەی شتەکان دەگێڕتەوە، خەی پەناسەی شتەکان دەکات و بەیاریان لە دەدات، واتە کارەکتەریکی فرە توانا و وزەیەکی بەهێز و خودانی بیرەوەرییەکی فراوانە.
لەتەک شێوازی بیرەوەریی و گێڕانەوەی شتە هەقیقەکان و ناوە

ڕاستەقینەکان و شوێنە باوە ناسراوەکان، لە بیری نەکردووە هونەری نووسینی ڕەمانی هاوچەرخ چییە. لە بەکارهێنانی (کەلتوور، نەریت، ئەفسانە، خووڕەوشتی مرۆڤەکان، پێکهاتەی کەمڕەنگ، جیاوازی نێوان دوو ژینگەی ڕەژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی ئاوێی لە بیر ناچێت، کە مرۆڤ تووڕەی سەرکی باسکانە. شێوازی گێڕانەوە لەنێو گێڕانەوە، خەیاڵ لەنیو خەیاڵ و وێناکردنی هونەریانە و دەروونیانە پیادە دەکات. کۆسایەتی و کارەکتەری زۆر لەنێو ڕەمانەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت، بەڵام لە بیری نەکەین، خودی ڕەمانووس کەسی سەرەکی و بەیاردەری کۆتاییە. واتە (قسەرکەر و حوکمدەر و داڕێژەری نەخشەی ڕەمانەکە بەشێوەیەکی سەرەکیی خودی خۆیەتی).
لە دوا بەشی ڕەمانەکە کە ناوی لێناوە (تحت سقف واحد/ لەژێر یەک بنمیچ) گەمە هونەرییەکە ئاشکاوانە بەدیار دەکەوێت و لەنێوان بە ئاگا هاتن و خەیاڵدا شتەکانمان بیر دەهێنێتەوە و لە لاپەڕە ٣٦٢ ئێو شتەمان بە دڵگەڕێتەوە، کە پەیوەندی بە خەیاڵ و واقیع، بەئاگاهاتنەوە هەیە. هەزارەها شت، دەیان ڕووداو، گەلەک کەشە، بیرکردنەوەی جیاواز، ئاکردن، تەسلیمبوون، کۆچ، پەیوەندی، تووڕەبوون، گێڕانەوەی ڕووداوە مێژوویەکان، ئینجا تەنیا لە دوا لاپەڕەی ڕەمانەکە و لە دواین پەڕەگرافدا دەڵێت: "ئاوێی لەپێشتر بەسەرم هاتووە، وەهم بوو، مەزەندە کردن بوو، بیرکردنەوەیەکی ساختە بوو، کە لەی نزیک بوومەوە". ئینجا دەڵێت: "هاوارام دەکرد، کۆچی دەنگم لەوکاتەی تە نەدەپێڕاند، کەس نەبوو گوێم لێبگرێت، ئاگەر (گازی/ ناوی یەکەمین سەگە و لە منداڵییەوە ناتوانێت لە بیر بکات) نەبووایە". تا لە شێوازەکی دیکەی بەرچاو کە بەئاگا هاتنەوەیە و بەشەکە لە هونەری نووسینی ڕەمان دەبێژێت : "ئەی نەفرەت لەو مەتەکە مەلعونە بێت!!".
لە دوای ئەم هەموو گێڕانەوەیە، دەڵێت (ئەمە مەتەکە بوو).. خەیاڵ و ترس و نیگەرانی و دەخی دەروونی بوو.
دەکرێت هەر بەشەکی ڕەمانەکە لەووی تەکنیکییەوە چیرۆکێکی سەربەخۆش بن، دەستپێک و نۆڤێک و بابەت و کۆتایی هەیە، کۆتاییەکی کراوە، کۆتاییەک کە چاوەڕوانی سەرەتایەکی دیکەی نوێ دەکات. کۆتاییەک بەستراوەتەوە بە سەرەتایەکی دیکە. لەنێو هەر بەشەکی ئەم چیرۆک و بابەتانەی کە پەیوەندی بە پەنابەریی کوردەکی سووری، یان سوریەکەوە هەیە، دەیان هەورتکە بابەتی دیکەی چیرۆکئامێز لەخۆ بگرێت.
لە بیری نەکردووە (سەگەکی ڕەژهەڵاتی/ سووری کە لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەریی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریی و مامەستایەتیشی ئاماژە

بە بەدبەختی و بە مافی و ترس و خراپی سەگ) دەکات.

کەد چییە؟

زمان لەبەکارهێناندا دەردەکەوێت چەندین کەدی جیاوازی فکری و زهنی و وێناکردن و مەزەندە و تەنیا وێناکردنەوەی وێنە بینراوەکانیش لەخۆ دەگرێت.
(جوناسان کولەر) خاوەنی پێناسەیەکی زۆر باشی کەدە و دەڵێت: "کەد بریتییە لە کەمەک بابەت، یان پێل کە لەبوارێکی دیاریکراوی ئەزموونەوە وەرگیراون، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وەکو ئامرازێکی لەژیکی و بەسوودن لە دەربڕینی پەیوەندییەکانی دیکەدا". (جونثان کولر، الشعرية البنيوية، ترجمة السيد امام، دار شرقيات، القاهيرة، ٢٠٠٠، ٦٦). لەهەمان کاتدا نووسەر لەپێناو گەیاندنی پەیامێک پێنا وەبەر کەدکان دەبات، ئەمەش وا دەکات خوێنەر بیر لە کردنەوەی ئەم کەدانە بکات. بابەتێک بەکارهێنەت، بەڵام مەبەستی دیکەی نەگوتراوی لەپشت ئەم بابەتە ئاشکراو ئاستوخیانە هەیە.
تیۆری کەد، یان بە کەدکردنی شتەکان دەگرێتەوە و کەد بەرانبەر ڕەمز لە تیۆری دەرککردن (الادراک) بەکارهێنراوە، ئەمەی دواییان پێی وایە بیرکردنەوە لەسەر شێوەی تەنیا زمانی نەوخەیی نەوەدات. یانژی هاندانەکە بە پوختەی تەمسیلییە زهنییەکان. فرە هەندە وەکو شتە گریمان کراوەکان و تەمسیلی ماندار و وەسفە ژمێریارییەکان. (Jared, D, Poh, R.P.y, and Paivio, A., LI and L2 picture naming in Mandarin- English bilingals: A test of bilingual dual coding theory. Bilingualism: language and congnition 16, 2013, 383- 396.)
بەو پێیەی زمان بریتییە لە کەدی هەمجۆری زمان لە ناوەوە و زمان لەدەرەوە. کەدکانی نەو دەق هەندکیان زهنی و فکرین و نەبینراون، هەندکیشیان بینراون و ئەو شتانەن کە لە دەرەوەی سیستەمی زماندا هەن.
لەکاتێکدا تیۆری کەد دوو سەرچاوە کردەی دەرککردن لە یەکەی تەمسیلی نەوخەیی پێکدێت و بە دوو ڕێگا چارەسەر دەکرێت یەکەمیان: سیستەمی گوتنە بە زمان تایبەتە بە تەمسیلی زمان و چارەسەری هەموو کێشکان لەنەویاندا قسەکردن و گفتوگۆ بەکاردێت. دووەمیشیان سیستەمێکی نازمانییە و (وێناکردنە)، تایبەتە بە تێگەیشتنی ووداوەکان و پێکهاتە نا زمانییەکان، ئەمەش تەمسیلی زهنی وێناکردن شێوەیەکە لە دەرکی سەرەکی تەمسیلکرن لەدەرەوەی زمان..

پەیستە ئاماژە بۆ بکەم، کە سیستەمی کۆدی لە نێو زماندا فرە هەند و ئەرک و وێناکردنە، وەکو چۆن لە دەرەوەی زمانیش وەکو شتێکی هەقیقی هەیە و دەهێنرێتە نێو زمانی دڕق و هەنگ مانا و مەبەستی دیکەی جیاواز لە پێکهاتە سروشتییە باوەکەی خۆشی پێبدرێت. بە نموونە (سەگ) هەبووەکی سروشتییە و لەدەرەوەی وێناکردن و لەنێو زماندا هەیە، شتێکی سروشتییە، بەڵام کە دەهێنرێتە نێو زمان هەنگ ئەم (سەگ)ە مانا و کەد و شتی جیاوازتر لە خودی خۆی پێ بدرێت. (سەگ) بەمانای شتێکی خراپ، پیس، دڕ، ئیهانە، سووکایەتی لێنێو هێندێک کەلتوور بەکار بێت، ئەمە لە شێوەی داشتن و بەکارهێنان لەنێو سیستەمی زماندا دروست دەبێت.
واتە دەکرێت نووسەر کەدەکان دەستکاری بکات، مانای زهنی و فکری و کەلتووری پێ بدات، لە مانا ئاستەقینەکەی بیگەڕێت بۆ مانای وێناکراو، مەزندە و گریمانەی شتی جیاوازتر لەخۆی پێ بدرێت.
بۆیە وەکو (رومان جاکۆبسن) ئاماژەی پێکردووە شێش بنەمای سەرەکی هەیە بۆ لێکدانەوەی گوتاری زمان و بەکارهێنان و ئەرکی لێنێو دڕقدا، کە پێم وایە ئەمانە دەبنە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ناسینەوە و لێکدانەوەی کەدەکانیش لەوانە:
١- نەرەر پەیامی هەڵچووانە.
٢- پەیام، پەیامی شیعری
٣- وەرگر، پەیامی کارتێکردن
٤- کەناڵی پەیام.
٥- سەرچاوە، پەیامی سەرچاوەکە
٦- زمانی پەیامە وەسفییەکە
/https://www.facebook.com/lissaniyat/posts/%D9%88%D8%B8%D8%A7

کردەی پەیوەندیکردن یەکەکە لە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی دڕق و ئامانج لەمە ئەوەیە نووسەر چۆن دەتوانێت پەیوەندییەکی سەرکەوتوو لە نمایش و کارتێکردن و هاندنای خوێنەر دروست بکات و لەهەمان کاتیشدا بەکارهێنانی کەدی جیاواز لەپێناو بەخشینی دەرفەت و زەمینە بەکار بێنێت بۆ ئەوەی خوێنەر بیر بکاتەوە و شتەکان لێک بداتەوە. وێنەکانی نێو دڕق، یان شتە وێناکراوەکان وا دەکات کردەی پەیوەندیی تەمسیلییەکی نەوخەیی بێت. هەروەها هەڵفتار و هەڵوشتەکی هەمزی لە خۆ دەگرێت، پشت بەنەوەکی تەمسیلی کردنەکە دەبەستێت. ئەمەش وا دەکات بیر لە هەڵسوەاندنی شیکردنەوەی هەڵفتاری هەمزی بکات. (D.H. Mellor, Ways of Communicating, Cambrige Universty .(Press, 1990, 4

دەقی (کەماری سەگ) لەتەک ئاماژەکردن و بەکارهێنانی بابەت، ئەو شتە هەستپێکراوە بینراوە هەقیقیەشە کە هەموومان دەتوانین بیانبینین، بەڵام نووسەر لەئاستێکی دیکەی زمان ئەم شتانە بەکاردەهێنێت، کە پەیوەندی بە ناوەوەی خودی زمانەکە و ئاستەکانی هەیە، ئەویش بریتیە لە (مانا و مەبەست و وێناکردن و شتە زهنی و فکریەکان و پەیام و شتە ناڕاستەوخۆکان)، هەندێک ناوی دەنێن تەکنیکی نووسین، من پێی دەڵێم هەزی پەیستی بەرهەمهێنانی گوتاری دەق.

(٢-٢)

کەدەکانی ڕەمانی (کەماری سەگ)

ئەم ڕەمانە ژمارەیەکی زۆر کەدی تێدایە، کەدەکان هەندێکیان بەئاسانی دەبینرێن و هەست پێ دەکرێن، هەندێکیشیان پەیستی بە لێوردبوونەوەی قووڵ. من لێرەدا تەنیا هەندێکیان ئاماژە پێ دەکەم:

بەهەشتی پەناهەندە و دۆزەخی ڕەژەهەڵات

پەیامی گوتاری ئەم ڕەمانە کارکردنە لەبارەی دۆخی دەروونی و کەلتووری و نەریت و ناسین و ناسنامەی کەسەک/ یان گروپێک و کەلتوورێک و وڵاتێک و پتریش لەوانەی پەناهەندن، لە دۆزەخی ڕەژەهەڵات/ سوریا دەربازدەبن بەرەو بەهەشتی ئەوروپا و ڕەژئاوا دەچن. لەو لەتەک هەموو شتە جوانەکان، ڕووبەڕووی چەندینەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیانەوەر و بەتایبەتی سەگ دەبنەوە. ئەمەش پێشوازیکردن و لەهەمان گاڤیشدا ڕەتکردنەوەی تێدایە.
بە ئەوەی پێکهاتە و زمان و تەکنیکی ڕەمانەکە لەئاستێکی سەرنجڕاکێش بێت، بەشێوازێک بەراوردی دۆخی سەگ لە ڕەژەهەڵات و ڕەژئاوا دەکات، کە مرۆڤ بەرەو فەلسەفەیەکی جیاوازتر لە هەقیقەتی (سەگ، یان ناسنامەی سەگبوون) دەبات. لە یەکەک لەئاماژە هونەرییەکان، کە دواتر دەبێتە ئاماژەیەکی فکری قووڵ بەزمانێکی یەکجار سادە، کە هەموومان لەئاستی ڕەشنبیریی جیاواز دەتوانین تەی بگەین، کە دەڵێت:
"سەگ پەناهەندە نییە لای من، من لای سەگ پەناهەندەم". لای گەلەک ئەم قسەیەکی ئاسایە، بەڵام لەکردەوەدا تێروانینێکی فکری و دەروونی و کاردانەوەی بەهەزی تێدایە. هەز لە ئاڕۆزیی و جۆکردنەوەی زمان نییە، هونەر ئەوەی فکرێکی قووڵ بە زمانێکی

ببژیت.
یان لەبارەی ترس، ئەو ترسەی لە ڕۆژەکانتدا هەموو کەسکی کردۆتە (بنیادەمکی سەرکوتکراوی دەروونشکاوی قرتێنراو لە ڕەسانایەتی) دەڵێت:
"ترس خراپترین گۆڕاوەی دەروونیە"، "لە منداڵیەوە لەترسی ئەم مۆتکەیە لەخەو هەڵدەستم"، " ئەگەر بە مانگێک ئەم گیانەوەرانەمان بە فڕبوونی ترس بنارد بایە ڕۆژەکانات" لە "وەاتکەمان هەموو شتێک وەکو بنیادەم دەترسێت، کە هەیە نەترسێت، هەتا پۆلیس دەترسێت، وەزیر دەترسێت، تەنیا خودی سەرکیش دەترسێت".
لەبارەی دەخی دەروونی و هەقیقەتی پەناهەندەی سوریی لە ئەڵمانیا دەبژێت:
"ئەمە نامەین، بە نیشتمانین، هیچ ناونیشانکی دیکە نیە، بە ئەوەی بچینە سەری، ئەگەر ئەڵمانکان دەرمان بکەن".
ئەم ناکۆکیی و ململانێیە دەروونیە بەردەوام دەبێت، هەزی گوزارشت و دەربینە زمانەوانییەکە بەستراوەتەوە بە چیرۆکی سەگ، ئەو سەگانەی لە ڕۆژاوا هەموو مافکیان هەیە و ئەو مرۆڤانەی لە ڕۆژهەڵات لە سەگ خراپتر سەرکوت دەکرێن. سەرباری ناکۆکی لەنێوان کەلتووری ڕۆژهەڵاتی لەبارەی بە سەگکردنی هەموو شتێک و کەلتووری ڕۆژاوایی و گۆڕکردنی هەموو شتک، تەنیا گیانەوەرکانیان لە مرۆڤ ڕێزلێگیراوترن و مافیان هەیە. لە سەرەتا تاکو کۆتایی وەکو پەناهەندەیەک لەو ناکۆکی و ململانێیە دەروونیە دژێت و تووشی چەندین فشار و لێکدانەوە و پۆلیس و دادگا و گریمانە و کێشەی بەردەوام دەبێت.

یاسای نوێ و شۆڕشی نوێ

هەقایتخوان کە خودی نووسەر (ئیبراهیم یوسف) ناوی هەقیقی و کارەکتەر و شۆڕش و ڕووداوی ڕاستەقینەشی بەکارهێناوە، چونکە ئەو پشت بە تەکنیکی گێڕانەوەی بیرەوەریی دەبەستێت. ئەو لە شۆڕشکی نوێی جیاواز، دەکەوێتە بەردەم گۆڕاوی یاسای نوێش. یاسای پۆلیس و دەوڵەت، یاسای شەقام، یاسای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یاسای شۆڕشگێڕانی نوێ، یاسای مامەڵەکردن لەگەڵ سەگ و گیانەوەر بەختەوەر خودان ناسنامەی تایبەتی. ئەمەی دواییان گێڕانە بەدوای پێناسکردنەوەی چەمکی (مرۆڤبوون و گیانەوەرناسی).
دەبژێت:
"دەمگوت پۆلیس لەهەر شۆڕشک بن، تەقێنەرن". و "دروستکەرانی

توندوتیژی خودی بەرپرسکانن". پێش ئەوەی بڕیت تەواو بکەمانەکە کتایی هات مردنی ئەو سەگە بەوفایەی خاوەنکەی (بیانکا) کە هەولی خکوشتن دەدات، دوای پشکنینی پلیس و دادوەریی و پزیشک دەردەکەوێت "سەگەکە بەداخ و ئازارەوە مردووە، ئەمش ئەو کاتە هەوێداوە کە پێش ئەوەی بگاتە مالی هەقاتیخوان". تا دەگاتە ئەوەی بەراوردی سەگی پلیس دەکات، کە چۆن لە سوریا دەزگای هەوالگری بە ئازاردان و سزادان و کوشتنی بەرهەستکارانی ژێم بکاریان هێناون. لەهەمان کاتدا نووسەر دەمانبات نێو بابەتکی یکجار گرنگ و هەستیار ئەویش ئەوەیە:
"وەرگێڕی سودانییەکە گوێی لێیان دەبێت، هەنگی دەموچاوی محامیە کوردەکە گەشا، ئەوە لەدەموچاوی دەرکەوت، کە هەست بە ناخۆشی و دڵگیری بکات، کە دەبیستێت کوردێک تاوانی کردووە".
ئینجا نووسەر، کە خۆی قسەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:
" من کوێی هەشنبیریەکی کەنم، پەروەردەیکی هەسەنم هەبووە، مرۆڤ لای من پیرۆزە، ئازاری مەرووڵەیکم نەداوە، وەکو چۆن باوکم فێری کردووم".
بە ئەوەی لە هەمانەکە ناسنامەی کوردبوون بکاتە هەمایکی سەرکی دەقەکە، بەڵام ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە کە ئەو کوردە، کوردیش لە تاوانکردن دوورن، خاوەنی هەشنبیریەکی کەنی ئاشتەوایی و هەڵزگرتنی مرۆڤ و دوورە لە تۆندوتیژی و کوشتن و ئازاردانی ئەوانی دیکە، ئەوانە ئەگەر مەروولەیش بن، ئازاریان نادات.
نووسەر کەسەک نییە بشکۆیکی سەزدارانەی خراپ، تووندەو، دەمارگیرانەی شۆڤینیانە بیر بکاتەوە، نەخێر ئەو تەنیا مرۆڤ و هەموو هەستەکانی لەنێو دەقەکە لە خودی مرۆڤ و چەمک و ئەرک و نیەتی مرۆڤانە سەرچاوەی گرتووە.
لە دەقەکەدا دەردەکەوێت یاسای نوێی ئەلمانیا، مرۆڤانەیە، بەڵام بە پەناهەندەیک نوێیە، وەکو چۆن شوێنەکە و دەوروبەر و مرۆڤ و سەگ و دیوار و شۆقام و پلیس و هاتوچۆ و شۆوەی ژیان و وەرزش و خوێندنەوە و زمان و بیرکردنەوە و نەریتیش جیاوازن. ئەمانە و دیان دیارد و هورتکە بابەی دیکە خودنای کەدی تایبەتی خیانن. کەدەکان نهێنی شتە نەگوتراوەکانمان پێ ئاشنا دەکەن.
ئێم هەستە مرۆیانەی (ئیبراهیم یوسف) وەکو پەناهەندە و قیران و کشە دەروونی و ئەخلاقی و مژوویەکانی نەوان دوو کەلتووری جیاواز لە هەمانەکەدا لە هەگەی پێوەندیەکانی لەگەڵ ئافرەتکی ئەلمانی قژزرد (بیانکا شنیدر) دەسست پێ دەکات، ئێم ئافرەتە یارمەتی فەربووونی زمانی ئەلمانی دەدات، ئافرەتکە خشی ناسنامەیکی تایبەت و ئاهەزیی دەروونی و هاکردن لە پێوەندیە

کۆمەڵایەتییەکانی هەیە.

سەگ وەک مزی شارستانییەکان

(ئیبراهیم یوسف) لە خۆا و تەنیا لەپەناو دروستکردنی ژینگەیەکی ئەدەبی سەگی بە دەزینەوەی هێگەیەک و وەکو کارەستە و ئامرزک بەکار نەهێناوە تاکو بیروا و بیرکە و وێناکردنی دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بهێنێت، سەگ لای هەقایەتخوانی هێمانکە (کەماری سەگ) پەیوەندییەکی قووڵتر و مانایەکی فرەتر و گوتارێکی جیاوازتری لە خودی سروشتی سەگ وەکو دیاردە و بوونەوەرێکی سروشتی هەیە. زمانێکی سادە، بەڵام قووڵ لە مانا و مەبەست، زمانێک هانی خوێنەران دەدات، خۆیان بەزر نەکەن و هەوداوەکان بە ئاسانی وەرگرن و لێکدانەوەکانیان وەکو فکر و ئینتما و ناکۆکی بە شارستانییەتە دیارەکان بەکار بهێنن. لێزەر شوێنی پەویستە خوێنەر کەدەکان بکاتەوە.
سەگ لەم دەقە ئەدەبیەدا ، هەما و نیشانەیەکی زهنی و فکریە بە بوونی ئەم گیانەوەرە لە کۆنەوە تاکو ئێستا لەنەو شارستانیەتی هێژەماتی و هێژئاوایی.
لەم دەقەدا سەگ لە چوارچێوە سروشتییە باوەکە دەردەچێت، دەبێت هێمز بە هێفتار و نەریت و کەلتوور و ناسنامە مرۆڤکان. ئەو لەهێگەی گەیانەوە و گەیانەوە بە سەردەمی منداڵی ، ئاماژە بە سەگ لە ئێشکەوت وەکو هەمایەکی ئایینی دەکات، سەگ لە کەمەگە وەکو کارەستەیەکی باو بەدەست چینە کەمەڵایەتییەکان گوزارشتی لێکراوە، سەگ وەکو کارەستەیەکی بەکارهێنراوی جەنگ، زیندان، ئینجا سەگ وەکو بوونەکی پلە دوو لەدوای (منداڵ) لە ئەلمانیا و ئەوروپا دێت.
مەژووی سەگ، بە وردی دەگێڕتەوە، زانیارییەکان پشت بە سەرچاوە مەعریفییە ئەدەبی و سیاسی و کەمەڵایەتی و دەروونی و گیانەوەردەستی و هەتا هەواهێکانی هاگیاندن دەبەستێت، لە گەیانەوەدا پەمان دەڵێت ئەم هێمز و نیشانە ئەدەبییەی لە دوای پشکنین و خوێندنەوەی دەیان سەرچاوە بەرهەمهێناوە، سەرباری سوود وەرگرتن لە دەستکەی کە ئافرێتکی ئەلمانییە. ئەم ئافرێتە لەلایەک سەرچاوەیە و لەلایەکی دیکەش ناسنامەیە بە بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن و ئینجا گەیان بەدوای دەزینەوەی ناسنامەی سەگ.
لە تەک پەناسە و بایەخی سەگ و سازدانی هێژی جیهانی سەگ، نایشارێتەوە کە ناکۆکی و تەوانینی (ئایینی و کەمەڵایەتی) لەنەو خەزانکەی وەکو پێکهاتەیەکی هێژەماتی لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ سەگ لە ئەوروپا هەیە و دەڵێت: "خانەوادەکەم خاوەنی هێشنبیریی

ئایینین، بەڵام هیچ کام لەم هەوڵانە نەگەیشتنە تاموچژ لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەخۆکردنی سەگ". لە کاتێکدا ئەو ناسنامەی خۆی بەم شێوەیە وەسف دەکات: " مەسەلەکە پەیوەندی بە ئایینەوە نییە، من کەسێکی عیلمانیم، پەیوەندیم بە جیهانی ئایینەوە نییە، بەڵام کەسێکی مولحیدیش نیم".
چیرۆک و گێڕانەوە و بەکارهێنانی سەگ وەکو ئامراز بۆ دەزینەوەی ڕێگاکانی پەیوەندیکردن و لێکدانەوە و دابەشکردنەوەی سەر لێنوێی فکر و کەلتوورەکان، ئەو لە قسەکردن لەسەر سەگ ئەوەمان نیشان دەدات، کە بەشێک لە چێنێتی مامەڵەکردن پەیوەندی بە ڕەشنبیریی ئایینی خەزانەکانەوە هەیە. ئەو پێناسەی خۆشی وەکو کەسێکی عیلمانی، کە مولحید نییە نمایش دەکات.
"سەگ لە جیهانی ڕۆژئاوادا داکۆکی لە خاوەنەکانی دژی کەسانی بێگانە دەکات و تەنیا دژی سەگە بێگانەکانیش دەوەستێتەوە". تەنیا دەگاتە ئەوەی بڵێت "لەکانیکەس ساڵی ٢٠١٠ وەکو سەگێک بوو بە ئامرازی خۆپیشاندانکانی یەنان". لە ئاماژە بە ئازایەتی ئەم سەگە، دەیبەستێتەوە بە هەما و نیشانەیەکی دیکەی زیندووی وەاتەکەی و کەدەکی جیاوازتر لە کەدە ئاساییەکەی لە بارەی سەگ پە دەدات و دەڵێت: "کە شەش لە وەاتەکەم دەستی پێکرد، ئاواتەخواز بووم خۆپیشاندەران هەر یەکەیان سەگێکی ئاهێنراو لەگەڵ خۆی ببات، تاکو بیانپارێزێت". ئەم جیاوازییە هەما و نیشانەیە بە ئینتمای سەگ، سەگ وەکو بوونەوەرێکی باڵای هەستیار و دەسەز و خزمەتگوزار و خوادنی هەزی قوربانیدان. ئینجا کەدی ناسنامەش بە سەگێک لە دەبێتە ئامرزی خۆپیشاندانکانی یەنان و لەهەمان گایشدا کەدی سەگێکی دیکە، کە تەنیا (خەزیە و ئاواتە) ئەویش پەیوەندی بە شەشی سوریا هەیە.
ئامرز بەکاهێنراوکانی بەراورد لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ، کەلتوور و کەلتوور، ژینگە و جوگرافیای جیاواز بەکارهێناوە. لەهەندێک شوێن سەگ سیفەتە گیانەوەرییەکەی دەگۆڕێت، بە شتێکی دیکەی نزیک لە مرۆڤ ئەم کەدەکی ماناداری زهنییە، نوێنەرایەتی فکر و مەبەست و گوتارێکی جیاواز لە سروشتە باوەکەی خۆشی دەکات.

لەبیری نەکەین، ئەو کە قوربانی سیاسەتە لە وەاتێکی سەرکوتکاری پۆلیسی، ئاماژە بۆ دەکات کە "بەرەو ماڵ بوومەوە فکرم لەوە دەکردەوە کە ئەوروپاییەکان چەند بایەخ بە سەگەکانیان دەدەن، کەچی لە وەاتەکەمان جۆرنەکان تایبەتکراون بە ڕۆژی کودەتای ژەم و وەرگرتنی دەسەڵات، جۆرنەکانی دیکەش لەبیرکراون هەتا جۆرنە ئایینەکانیش بایەخیان نەماوە.. ئەی خودایە لەبەر (ئەوروپا) سەگیش

جۆرنی خۆیان هەیە".
لەردا کەد و ڕەمز و نیشانەکان شتی جیاوازتر لە جیهانی سەگمان پێ دەبەخشن.

پۆلیس و لێکۆڵینەوە

لایەنێکی دیکە ئەوەیە دوای ئەوەی (بیانکا شنیدر) تووشی ڕووداوی خۆکوشتن دێت و سەگەکەشی دوای ئەم ڕووداوە تووشی دەخی دەروونی دەبێت و لەداخی خاوەنەکەی گیان لەدەست دەدات، بەم هۆکارەوە (ئالان نەقشبەندی/ هەقایتخوانی ڕۆمانەکە/ نووسەر/ خودی ئیبراهیم یوسف) لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت و تووسی لێکۆڵینەوە دێت، لەم بوارە دەیان ڕووداو، کە پەیوەندی بە پۆلیس و سزا و لێکۆڵینەوە و پشکنین و ترس و سزا و نیگەرانی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەکاردەنێت. وەکو شتەکانی دیکەش هەریەکەک لەم دیاردە و دەخە درووندیانەی هەیە، دەکرێت کەدەک و پتر لە کەدەکیان هەبێت. ئەمە پەیوەستە بە هەزی گوزارشت و بەرهەمهێنانی گوتاری دەق.
گرنگترین خاڵ ئەوەیە (سەگەکە) بەهۆی پەیوەندی بەهەز و سۆز و ئینتما لەگەڵ خاوەنەکەی تووشی کەشە دەروونی و ناڕەحەتی دێت و لەداخ و پژارەیەوە دەتەپێت (دەمرێت). ئەمە نیشانە و هەمایەکەی زهنی قووڵە سەبارەت بە پەیوەندی (ڕۆمانووس، بیانکای ئەلمانی، سەگ، پۆلیس و لێکۆڵینەوە، دادپەروەریی و باڵادەستی یاسا، ڕۆفتاری پۆلیس و سەگی پۆلیس و مرۆڤانە هەڵسوکەوتی پۆلیس و پشکنین. تادەم.).
لە پۆلیسخانە دەردەچن و پێیان دەبژن "تۆ هیچ تاوانێکت نەکردووە، سەگەکە خۆی مردووە و بیانکاش چاوی هەڵناوە". لە درێژەی ئەم ڕووداوانە پەنا وەبەر هەما و کەدەکی دیکە دەبات و دەبژێت:
" لە ڕێگا باسی دەسەڵاتی سەگ و ترس لەسەگمان کرد، هێندە باسی ئۆفسەری پۆلیسمان نەکرد کە کەسێکی میهرەبان بوو… سەگی ئەرە عاقڵە". ئەم گوزارشتە کەتایی لەبارەی سەگەکە بەچوونی کوڵەکەیەتی، (عەقڵ) هەمایە بە دونیایەکی جیاواز لە جیهانی سەرکوتکردن و بەکارهێنانی سەگ بە ئازاردانی مرۆڤەکان لە (زیندانی بارەگای هەوالگری سوریا). مەبەستم ئەوەیە ئەم کەد و نیشانە زمانەوانیانە ئەوەمان بە دەردەخەن، کە ڕۆمانووس ئاستە مێژووی سەگ، ڕۆفتار و کەشە و پێگەی سەگ دەگۆڕێتەوە، بەڵام لەبیری نەکردووە کە سەگ لەم دوو کەلتوورە جیاوازەدا بە دوو ئەرکی جیاواز بەکارهێناوە. کەدی سەگ دەکرێت کەدی خودی مرۆڤیش بێت، یان هەڵگرێاوی ڕۆفتاری مرۆڤ و سەگ بێت.

پلیس بۆ دژینەوە تاوان بکاری دەهێنێت و پلیس لە سوریا بۆ ئازاردانی بەرهەلستکارێ سیاسییەکانیان بکاری دەهێنێت و لە یەنان سەگ دەبەتە هەمزی قوربانی و هاوکاری مرۆف.

تاوانی سێکسی سەگ

پەیوەندی خۆشویستی و سێکس دوو بابەتی گرنگ و دوو کەدی کارای نێو دەقی هەمان و چیرۆک و شیعرن. مەرج نییە نووسەر ئەم کەدە وەکو بەشێک لە هەڤتار و خواستی خۆی بکار بهێنێت، بەڵکو دوو بابەتن، سەرتاپای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو دووچاری کاردانەوە و بکارهێنان و کارەسات و ئاسودەیی دەروونی و کێشەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و خودیشی کردووە. سێکس بەشێکە لە پێکهاتە جەستەیی و دەروونی و خواست و چێژی مرۆف، ئەم دیاردەیە لە هەژهەڵاتدا جۆرێکە و لە هەژئاوا جۆرێکی دیکەیە.
(ئیبراهیم یوسف) لە هەمانی (کەماری سەگ)دا ئەم پەیوەندییە لەنێوان مرۆڤەکان و ئینجا لەنێوان گیانەوەرانیشی نمایش کردووە. کەدێک دروست دەکات، کە سێکسی سەگ بە رێزامەندی خاوەنکانیان کارێکی بۆیە. کەدی ئەم باسە ئەوەیە، ئافرەت بەئارەزووی خۆی سێکس دەکات، کەچی سەگ هەگەر پەدراو نییە، سەگێکی دیکە بە ئارەزووی خۆی سێکسی لەگەڵ بکات.
پەیوەندی قسەکەری سەرەکی و بگرەوەی یەکەم و پاشەوانی فرەزان و فرە ئەرک و تەوانین و فکرە، باسی ئەو شەوە دەکات کە لەهەژی جیهانی سەگ لەگەڵ ئافرەتە ئەلمانییە شۆخکە پەیوەندیی و وەناکردنکی سێکسی دروست دەبێت.
دواتر کێشەی بەزار سێکس کردنی سەگێک لەگەڵ سەگێکی دیکە ئاماژە پە دەکات، کە چۆن ئەم دەبەتە کێشەیکی یاسایی و خاوەنی سەگی گایراو، سکالای یاسایی لەسەر سەگی گانکەر تۆمار دەکات. خوێنەری وریا لە کەدی وێنە کۆمیدییەکە دەردەچێت و ژیرانە سەیری زەمینەسازی پەیوەندی جدی نێوان دوو سەگ دەکات.
لە گەڵانەوەی هەوداوەکاندا ئەوە ئاماژە پە دەکات، کە دراوسێیەک سکالای یاسایی لەدژی دراوسێیەکیان تۆمار دەکات، لەبەر ئەوەی سەگەکیان لەلایەن سەگی ئەوانی دیکەوە سێکسی لەگەڵ کراوە، بە ئەوەی پرسیان پە بکەن. مەسەلەکەش پەیوەندی بەوە هەیە حەز لە هەگەزی سەگە گانکەرەکە ناکەن. لەکاتدا وەکو هەمانووس ئاماژەی پێکردووە و دەبەت "ئافرەکانیان ئازادن لەوەی بە چ جۆرێک و لەکە سکیان پە دەبەت". بەڵا گیانەوەرەکانیان هەگەڵ پەدراو نین. ئەم کەدکە پەیوەندی بە عەقڵ و کەلتوور و شەوەزیانی کەمەگەوە هەیە.

کەدی سەگ وەکو قوربانی

لەنەو هەمانکەدا کە سەربردە و مژووی سەگ و پەیوەندییەکانی ئەم گیانەوەرە بە هاووڵاتیان و پەناهەندە و کەلتووری جیاوازەوە دەگەڕێتەوە، سەگ چەندە پلەیەکی بەرزی لە کەلتووری هەژاوا پێدراوە و بەکردەوە سەگ وەکو گیانەوەرێکی خۆشبەختی خودانی پلەیەکی هەزلگیراوە، لەهەمان کاتدا هەما و نیشانەیەکی زەقیشە بە قوربانی وەکو کەرەستە و شتێکی بەکارهێنراوی نمایشکراو، بەتایبەتی لەسەردەمی جەنگ و بێنیمان هۆسکان بە سەدان سەگیان بە تەقاندەوەی تانک و هێزەکانی دوژمنانیان بەکار هێناوە و مینەهژیان دەکەن بە تەقاندنەوە. ئەمە کەدێکی دیکە کە مرۆڤ چەندە دەندانە سەگ بە کوشتنی مرۆڤ بەکاردەهێنن و پیشەلی مافی گیانەوەرانیش دەکەن.
ئەمە کەد و هەما و نیشانەیەکە بە کەرەستە و شتێک کە (دەندەیی و تاوانکاری مرۆڤ) نیشان دەدات و سەگ وەکو ئامرازێکی قوربانی و جێگەی بەزەیی ئاماژەی پێکراوە، لەکاتێکدا هەمانکە دەیان نموونەی دیکەی تەدایە کە ئاماژە و هەمایە بە (شکۆ و دەسەڵات و پێگە و هێزی) سەگ. تەنیا ناونیشانی هەمانکەش، کە ناونراوە (کەماری سەگ) ئاماژە و هەما و کەدێکی ڕاستەوخۆیە بە نیشاندانی پێگە و دەسەڵات و هێزی سەگ لە کەلتوور و کەمەگە جیاوازەکان.
هەماننووس دەڵێت : "سەگ بە خراپی و بەدیی لەدایک نابن، بەڵکو ئەمە وا لە سەگەکان دەکەین خراپ بن، یان باش... ". لەم ئاماژەیەدا ئەوەمان پێ دەبژێت، کە مرۆڤ زیندەگی سەگەکە دەگۆڕێت و دروستکەری دەخەکانە، نەک خودی سەگەکان. سەگ بە پاکی و بە تاوان دەترەکێن. کەدەکە ئەویە هەرچەندە ئەو لە منداڵییەوە لە حەپەی سەگ تەقیوە، بەڵام سەگ گیانەوەرێکە بەسروشت بە باشی دەتە زیان و مرۆڤ کەدەکانی دەگۆڕێت.
(هەماننووس/ ئالان نەقشبەندی/ ئیبراهیم یوسف) نزیکەی چوارسەد لاپەڕەی لەبارەی سەگ و جۆرەکانی و سایکۆلۆژیا و مژوو و کەشە و پەیوەندییەکانی سەگ و مرۆڤ لە دوو شارستانیەتی جیاوازدا نووسیوە، کەچی (بیانکا)ی ئەلمانی کە لەپەگەی سەگەکییەوە دەبەتە هاوەڵی پێی دەڵێت: "هەشتبیریەکی هەژار و کەمت لەبارەی سەگ هەیە".

کەدی زمان

زمان یەکێکە لە کەدە گرنگ و دیارەکانی نەو دەق، هەماننووس بە دووجۆر لە مەبەست و کاریگەریی و تواناکانی زمان لە بیناکردنی تەکنیکی هەمانکە و ئینجا وەکو ئامرازێک بە بەدیهێنانی (کردەی پەیوەندیکردن) پەنای وەبەر زمان و کەدەکانی بردووە.

لەنێو هەماناکەدا لە چەندین شوێن ئاماژە بە زمان وەکو ئامرازی پەیوەندیکردن و گەیاندن و تێگەیشتن و خە لەقالبدان و گۆشەگیریی و لەدەستدانی توانای تێگەیاندن و تێگەیشتن ئاماژە پێکردووە.
دەقەت " لەهەگەی بەکارهێنانی قاموسی ئەلەکترۆنی بەزمانێکی ناهەنامەیکم نووسی".
" تە نەخوەندەواری لەبەر زمانەکەت، فەرهەنگی زمانەکەت بایی ئەوە ناکات لە هەواڵی ئەلمانی بگەیت و یان لە هەواڵی سادەی تەلەڤزیۆنیش بگەیت... لەناخەوە هەستم بە ئازارێکی توند کرد..".
سەرباری ئەوەش لە چەند شوێنێکدا بەمەبەست بە ئەوەی دووشت بسەلمێنێت، هەندێک دەستەواژەی پەندی کوردی بە کوردی دەنووسێت، یان هەندێک ناوی کوردی بەکاردەهێنێت، دیارە ئەمەش نیشانەیە بە گوزارشت لە هەندێک کەدی دیکە لەهەگەی زمانەوە، وەکو:
یەکەم: بە ئەوەی کەدی هەبوونی زمانی کوردی و ناوی کوردی و بوونی (نەتەوە و ناسنامەی نەتەوە) لەئاکامی بەکارهێنانی زمان، نەک بەکارهێنانی سیاسەت و مێژوو بسەلمێنێت. وەکو ناوی (گازی و شیا و دەشاد و دەدار و ئالان.. تاد).
دووەم: پەمان دەێت کەدی دووەم پەیوەندی بە جیهانی کوردییەوە هەیە سەبارەت بە سەگ و پەیوەندیی لەگەڵ ئەم گیانەوەرە و کاردانەوەی لەسەر نەریت و هەفتار و بیرکردنەوەی تاکی کوردی و کەهەگەی کوردستانی.

کەدی زمان یەکێکە لەو کەدە دووبارە بەکارهێنراوەکەی نەو هەمانەکە، ئامانج و مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت، گوتاری زمان، گوتارێکی فرە هەهەند و شێوازە. گوتارێکە پەیوەندی بە هزر و زهن و وێناکردنی شتەکان لەنێو زمانەوە هەیە.
کەدی زمان بریتییە لە:
کەدی پەیوەندیکردن بە دەوروبەر.
کەدی تێگەیشتن و لێکدانەوە
کەدی ئاخاوتن و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دیکە.
کەدی زمانی سەگ
کەدی ساخکردنەوە
کەدی ناسنامەی نەتەوە (کوردی) و (ئەلمانی) و (عەرەبی) بە نموونە.
بە نموونە ئاماژە بەوە دەکات، کە بوونی دیالێکتیک مانای دەوەمەندی خودی زمانەکەیە، کورد چەندین دیالێکتیکی وەکو کرمانجی و سۆرانی و زازایی و کەرمەشانی و گۆران.. هەیە
کەدی زانینی چەند زمانێک
کەدی خوێندن و کەرسی زمان

کەدی سایکۆلۆژیای زمانی سەگ

کەدی زمانی سەگ

هەمانىووس دەبژێت " چوارسەد هەزی سەگ هەیە سەگ زمانی خۆی هەیە، هەروەها کەدی خەشیان هەیە، لە تۆژینەوەیەک دەرکەوتووە سەگ نازدە کردەی ئاماژەی هەیە، لانەویاندا داواکردنی خواردنەوە، یان داوای یاریکردن و کردنەوەی دەرگا..".
بە ئەم ئاماژەیە، گرنگە لەپشتاو گەیان بەدوای دەزینەوە و شیکردنەوەی کەدەک، کە پەیمان دەبەت ئەی مرۆڤ لەوە بگە، سەگ وەکو گیانەوەرێک زمانی تایبەتی ئاماژەی هەیە، لەپشتاو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن بە دەوروبەرەکەی خۆی ئەم ئاماژانە بەکاردەهێنێت. کردەکانیشی هەمجۆر و بریتین لە داواکردن و ئاگادارکردنەوە و خواست و پەویستیی و تووڕەیی و هەڕەشەکردنەوە... تاد.
ئەم کەدە وا لە مرۆڤ دەکات وردتر لە کەدی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گیانەوەران بەوانێت، فکریان لە بکاتەوە و شیکاریان بکات. ئەم کەدە لەکردەوەدا پەویستی بە کردەی (تێگەیشتن، شیکردنەوە و حووکم و بڕیار) هەیە.
لە ئاماژە و بەکارهێنانی زماندا گوتارێکی گرنگمان پێ ئاشنا دەکات، کە دەبەت:
سروشتی مرۆڤ هەمووی یەکە، زمانەکان لەکمان جیا ناکاتەوە، زمانی ڕۆح، هەست و نەست، هوشیاری، دەرککردن، ئەمانە زمانی نوێنەتەوەیین زمانی سەرتاپای جیهانن".
بەگومان زمان هەما و نیشایەکەی فکری گرنگە، هەر تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە نییە، بەڵکو ئامانجە لەپشتاو پێکهێنانی ژینگەیەکی یەکسان و هاوبەشی مرۆیی لەگەڵ ئەوانی دیکە. زمان پەیوەستە بە ژینگەی و دەوروبەری فکریی و تەوانینی مرۆڤکان. نەک هەر تەنیا لای مرۆڤکان، بەڵکو سەگیش لەم کەمارەی (ئیبراهیم یوسف)دا خودانی دەیان کەدی تایبەتی خەیەتی و بەکردەوە خواست خەیان و سایکۆلۆژیای خەیان بەم ڕەفتار و جووڵە و ئاماژانە دەردەبڕن.

کەدی کوردبوون

یەکێک لە کەدکانی نەو ڕەماناکە پێناسەکردن و دیارکردنی ناسنامەی نەتەوەیە بە ئاوەی دەمارگیر بەت، یان نەتەوەپەرستانە بئاخڤێت. بەپێچەوانە ئاوی کارەکتەری سەرکی و پاڕەوانی ڕەمانە و هەقایەتخوانی سەرکی ئاماژە بەوە دەکات کەمنیست بووە، عیلمانییە

بە ئاوەی مولحید بێت. زمانی دایکی کوردییە و ئینجا لە قتابخانە فەری عەرەبی بووە و بەم زمانەش دەنووسێت، سەرباری فەرەنسی و ئینگلیزی و دەیەوێت فەری ئەلمانیش بێت. ڕاشکاوانە ئاماژە بە سوری بوون دەکات، بەڵام ئاو لە زەر شوێندا ڕاشکاوانە کەدی کورد بوون وەکو زمان، کیانێکی جیاواز لە زمان و ڕەگەز و نەتەوەکانی دیکە دەبینێت، بە ئاوەی پلەبەندی لەم دیتنە بکات.
تەنیا شتێک وەکو پرسیار و گریمانە و لێکدانەوە ئاماژە پێ دەکات ئاویش (تێکەڵبوون و توانەوەی یەکلایەنە/ اندماج) وەکو پرسێک و کەدێکی دەبینێت بەیە پێی وایە "تێکەڵبوونی یەکلایەنە، قوتدانی ئاوی دیکەیە". ئەمە لە ڕاژەڵەکات ڕوو دەدات، کەچی لە ئەلمانیا کە نزیکەی ١٨٠ زمانی جیاوازی تێدایە، ئەم تێکەڵبوون و توانەوەیە ڕوو نادات.
ئەم کەدە لێکردەوەدا گوتارێکی فکری و سیاسی و کەلتووری و کەمایەتیش، کردەیەکە لە ڕاژەڵاتدا توانەوە و قووتدانی ئاوانی دیکە، وەکو بەرنامە ستراتیژی سیاسی باڵا دەستە، بە مانای سینەوەی ناسنامە و پێناسە و توانەوەی ئاوانی دیکە دێت.

کەدی تێکچوونی هاوسەنگی

لە ئەلمانیا کەدێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە سەگێک، یان گیانەوەرێک دەمرێت، دەیبەنە گۆڕستانی تایبەتی گیانەوەران و بەنز و بایخەوە ڕاوەسمی ناشتنی گیانەوەرە مردووەکە لە گۆڕستان ئەنجام دەدرێت، کەچی لە ڕاژەڵاتدا ئاماژە بە دەخی سوریا دەکات، لەگەڵ گیانەوەی بەسەرهاتکان لەلایەن قسەکەری سەرکی نێو ڕەمانەکە دەبژێت: "چیرکی منداڵکان، چیرکی ئاو منداڵانی لەبرسان دەمرن، یان لەژێر خانوو ڕووخاوەکانیان دەیاندەزنەوە…". ئەمە کەدی تێکچوونی هاوسەنگی و شکاندنی شکەی مرۆڤ و ڕەزگرتنی گیانەوەران لەهەمان کاتدا.
کەدی نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان بایخدان و ڕەزگرتن لەنێوان مرۆڤ و سەگ، لەنێوان کەلتووری ڕاژەڵات و ڕاژئاوا، لە نێوان مرۆڤ لە وڵاتی ڕاژەڵات، سەگ لە وڵاتەکانی ڕاژئاوا. تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە، لە کۆتایدا دەبێتە هەکار بۆ بەدبەختی و کێچکردن و ئاوارەیی و ڕووکردنە پەناهەندە و لەهەمان گاڤیشدا نیشانە و هەمایە بۆ دروستبوونی کەدی تێکچوون و نەبوونی یەکسانی و هاوسەنگی لەنێوان دوو جیهانی جیاوازدا.

کەدی ناوەکان

ناو بگشتی لەنو دەقدا ئاماژە و هەمایە بە چەندین کەدی دیکەی نادیار، کە نووسەر لەپشناو گیاندنی مەبەست و پەیامی جیاواز بەکاریان دەهێنێت و هەندێکیان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کار دەکەن. هەر ناوێک لەتەک ئەرکە سروشتییە باوەکەی خۆی، چەند ئەرکێکی دیکەی ناڕاستەوخۆ و شاراوە و جیاواز لەپێکهاتە سروشتییەکەی دەگێڕێت.
ناوی شوێن، ناوی کارەکتەرەکان، ناوی شتەکان، ناوی پێکهاتە و کەرەستەکانی نێو دەق. ئەمانە نیشانەی زمانەوانی و هەمای فکری و ئاماژەی دەروونی و کەلەپایەتین بە دەزێنەوە و پشناسەکردن و بەدیهێنانی کەدی زمان بە راپەڕاندنی گوتاری نێو دەقەکە.
(ئیبراهیم یوسف) لە بەکارهێنانی ناوەکان (کەس، شوێن، فکر، شت و کەرەستەکان) مەبەستی قووڵتر لە مەبەستە ڕاستینییە باوەکەی هەیە. کە دەڵێت (هەوس، هەوسیا) سەگیان بە تەقاندنەوە بەکار دەهێنا، ئەم جەرەک لە داپچڕینی بەرگی مرۆبوون و هەستی مرۆیی. کاتێک ئاماژە بە شت، یان فکر و نەریت دەکات، دەڵێت دوای دەست لەسەگ دان، پەیوستە لەنو ئەلمانیا (دەست بە خۆ بشۆن) ئەم هەم ئاماژەیە بە ناوی نەریتی کەمەگەی موسلمانی کوردی و هەمیش جەرە گومانەکە لە پیسی و ڤایرەسی سەگ و خەدوورگرتنە لە ئاگرتن و بەخۆوکردنی سەگ لە هەوانگەی ئایینی و کەمەایەتییەوە. ئەم کەدە نیشانەیە بە کەلتووری ڕەڕەهەاتی.
ناوی کارەکتەرەکان، و ناوی شوێنەکان ئاماژەن بە پەیوەندی قسەکەری سەرەکی و پاڵەوانی سەرەکی ڕەمانەکە لەگەڵ کەسەکان و مەژوو، شوێن و نەریتەکان. ئەمانە هەر یەکە خودانی کەدەک، یان پتر لە کەدەکن و لەم ڕەگەیەوە نووسەر دەرگای (بیرکردنەوە و لەکدانەوە و ناسینەوە و پشناسەکردنەوەی شتەکان) دەداتە دەست خوێنەر، خوێنەری وریاش دەبێت بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێت، کە نادیارن.

کەدی نەریت و ڕەوشت و ڕەفتار

لەنو دوقی ڕەمانی (کەماری سەگ) ڕەمانووس بە مەبەست و لەپشناو دروستکردنی وێنەیەکی زهنی پشت ئەستوور بە کەلتوور و بەراوردی نەریت و ڕەوشتی دوو شارستانیەت، یان دوو شوێن و کەلتوور و پێکهاتەی کەمەایەتی جیاواز، ئاماژە بە هەما و نیشانەکانی (نەریت و ڕەفتار و کەلتوور) دەکات.
لەڕەگەی ئەم ئاماژانە بە ئەوەی وەسفی درۆزدازە و ڕەگە بزرکەر بە خوێنەر دروست بکات، بە ئاماژەی خەراپ، بە کورتە نموونەی پووخت بەشێوازی گەرانەوەی چەکراوە، بەراوردی دوو نەریتی جیاواز دەکات، لەبارەی ئاگرتنی سەگ، پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ گیانەوەر و

بۆتایبەتیش سەگ، کاردانەوەی دەروونی کەسەکان و میهرەبانی و دڵندەیی مرۆڤ لە بەرانبەر سەگ ئاماژە پێ دەکات. مەبەستیش لەمانە هەمووی ئاوێنە، کە پەناهەندەی سوریی، چۆن لەنێو کەمپگەیەکی نوێی ئەوروپایی خۆیان دەگونجێن، یا کەدەکانی کلتوور چۆن ڕێگریان لە دەکات، سەگ بەخۆو بکەن، سەرباری کەدی ململانێی خۆ گونجاندن و شێواز هاوچەرخانە و تەکنیکی پێوەندیی و ئامانجی کەسەکان لەپەناو مانەوە لە بەهەشتی پەناهەندەیی.
کەدەکان دەداتە دەست خوێنەر و بەزمانێکی سادە بە خوێنەر دەڵێت، پەناهەندە لە چ دۆخێکی دەروونی و کلتووری ئاڵەزدا لە شوێنە نوێیەکەدا دژین و تووشی چ دۆخێک دەبن، کە پێوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە، ئەو پێچەوانەی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ لە شوێنە نوێیەکە، ململانێکە دەبەستێتەوە بە مرۆڤ و گیانەوەر.
هیچ کەسێک لەسەر شێوە و کێشە لەگەڵ مرۆڤەکان تووشی زیندان و پۆلیس و لێپرسینەوە نەبووە، بەڵکو لەبەر خراپ پێشوازیکردن لە گەڵ سەگ تووشی کێشەی یاسایی دەبن، یان سەگ لەبەر خاوەنە میهرەبانەکەی تووسی دۆخێکی دەروونی خراپ دێت و لە ئاکامدا دەتەپێت.
ئەمانە کەدە فرە جۆرەند و فرە ئەرکی نەو دەقی (کەماری سەگ)ن. هەر کەدێک ژمارەیەک کەدی بچووکتر، یان فرە جۆرەندتر لەنیو خۆیاندا هەیە دگرن، هەندێک دیارن و هەندێکیشیان نادیار و ناڕاستەوخۆن و پەیامی شاراوە دروست دەکەن، خوێنەریش دەتوانێت لەتێک ئەم کەدانە کەدی دیکە بە دەقەکە ببەخشێت، چونکە بیرکردنەوە لەنەو دەقەکە کراوەیە، لەکەدانەوە فرە جۆرەندە، وێناکردنی بابەتەکان و هاوداوەکان شایانی گرینگانەی هەمەجۆرن.

٥٦ کەدی ناونیشان

